پلیسی هەولێر: ڕۆژنامەنوس میران بەکر لەلایەن هێزێکی یەکتییەوە دەستگیرکرابوو



پلیسی هەولێر ڕایگەیاند، ڕۆژنامەنوس میران بەکر لەلایەن هێزێکی یەکتییەوە دەستگیرکرابوو، دەشڵێت، "ڕاگەیەنراوە بەهیچ کەسێو لایەنێک نادرێت هەوڵی تێکدانی ئارامیو ئاسایشی هەولێر بدەن".

بەپێوبەرایەتی پلیسی پارێزگای هەولێر ڕاگەیەنراوەکی بڵاوکردەوەو وردەکاریی دەستگیرکردنو ئازاردانی کارمەندەکی وەزارەتی پێشمەرگەی ئاشکراکرد، دەڵێت، "لێکۆڵینەوە لەودواوەکە دەکەین".

بەگوتەی ڕاگەیەنراوەکەی پلیس، "میران بەکر عەبدولڕەحمان کە کارمەندی وەزارەتی پێشمەرگەیو پێشتر سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگە بوو، درێنگانی شەوی هەینی، 19ی کانونی یەکەمی 2025، لەنزیک بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لەهەولێر، لەلایەن چەند چەکدارێکی خۆیانەوە دەستگیرکراوەو ئازاردراوە".

پلیسی هەولێر جەختدەکاتەوە، "میران بەکر کە ئێندامو کادیری یەکێتییەیە، دوای ماوەیەک ئازادکراوە، لەهەبونی سکاڵای یاسایی، پلیسو لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاوشوێنی لێکۆڵینەوەو

کارکانی پەویست دگرنبەر بە درخستنی ڕاستیو سروەرکردنی یاسا".

لبەشکی دیکەی ڕاگەیەنراوکەدا، پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەنیایی دەداتە هاوڵاتیان "بەهیچ جۆرک گەنادرێت هیچ کەسو لایەنک هەوڵی تێکدانی ئارامیو ئاسایش بدات‌و ئازادیی کەسیو کرامەتی هاوڵاتیان بەهیچ بیانویەک پێشلبکات".